سەرۆک وەزیران جەخت دەکاتەوە کە هەمەتی دروستکردنی قوتابخانە لە سەرجەم پارێزگاکان بەردەوام دەبێت



سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ شەممە،جەختیکردەوە کە هەمەتی دروستکردنی قوتابخانە لە سەرجەم پارێزگاکان، دوای تەواوبوونی پێژەی هەزار قوتابخانەکە بەردەوام دەبێت.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران لە ڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەبع کەوتووە بڵاویکردەوە: "سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، لە ڕێگەی ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە 210 قوتابخانەی نموونەیی لە پارێزگا جیاجیاکانی عێراق کردەوە کە لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی نێوان عێراق و چین جێبەجێ کراون، هەروەها بەڵێزیان تەواوبوونی پێژەی 1000 خوێندنگەکەی لە سەرتاسەری عێراقدا ڕاگەیاند.

سودانی بەپێی ڕاگەیەندراوەکە ستایشی هەوڵەکانی ئەمینداریەتی گشتی ئینجومەنی وەزیران و فەرمانگەی پێژە نیشتمانییەکان و هەوڵەکانی وەزارەتی پەروەردەی کرد بە تەواوکردنی پێژەکە و تەواوکردنی ڕێوشوێنەکانی وەرگرتن و دادەستکردن لێنەوان هەردوولادا، و جەختی لێوە کردەوە کە ئەم پێژەیە لە ژێر سایەی 3 حکومەتدا کاری بۆکراوە بینیوە و ئەمە لە ماوەی دوو ساڵی تەواودا بەبێ هیچ وەستان و دواکەوتنێک بەتەواوی تەواوکراوە، و جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کە پێویستە ئەم دەستکەوتە ببێتە

فاکتەرێکی سەرەکی بە بەرەوپێشبردنی واقیعی پرۆسەی پەروەردە وەک بنەمای گەشەپێدانی بەردەوام.

سەرەک وەزیران ئاماژەی بەوەدا کە ئێم قوتابخانانە کێشەی قەرەباغی و سێ دەوامی چارەسەر دەکەن و ژینگەیەکی نوێ و گونجاو بە خوێندن دابین دەکەن کە بە دیزاینی مەدەرن جێبەجێکراون و هەموو پێداویستییە پێویستەکانی لەبەرچاو گرتووە و جێختی لەوە کردەوە کە حکومەت گرنگییەکی زۆری بە کەرتی پەروەردە داوە لەڕێگەی چالاککردنی پێژە دواکەوتووەکانەوە، بەتایبەتی پێژەی ژمارە 1 و پرۆژەکانی تر و کەتای هەنان بە پێژەی هەزار قوتابخانەکە، و ستایشی ئەو هاوکارییە نموونەییەی نەوان کەرتی تایبەت و دامودەزگا فەرمییەکانی کرد کە یارمەتیدەر بوون لەتەواوکردنی ئێم پێژەیە.
سودانی جێختی لەوە کردەوە کە بەردەوامی هەمەتی دروستکردنی قوتابخانە بەپێی دیدەکی نوێ لەڕێگەی سندوقی عەراقەوە بە گەشەپێدان لەڕێگەی دەستپێکردنی پێژەی جێبەجێکردنی 600 خوێندنگەوە و ئاماژەی بەوەشکرد کە بەدابینکردنی زەوی لەپارێزگاکان بەم نزیکانە هەموو پێداویستییەک دەگرێتەوە.

هەزار قوتابخانەکە بەم شێوەیە دابەش کراون: 144 بە پارێزگای بەغداد، 52 بە میسان، 92 بە نەینەوا، و 106 بە زیقار، و 51 بە ئەنبار، و 78 بە سەلاح ئەلدین، و 61 بە دیوانیە، و 40 بە نەجەف و 45 بە بابل و44 بە کەرکوک و 56 بە دیالی و 44 بە کەربەلای پیرۆز و 48 بە واست، 53 بە موسەنا و 86 بە بەسرە .